# ڕەمەزان و حیجاب

ڕووناک شوانی

لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانی ڕژێمی لە ناوچووی ئێراقدا و لە لوتکەی لاوازیدا ، سەدام دەستی دایە شێوازێکی دیکە لە کایە سیاسییە پڕ گومانەکانی ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی پەیوەندی گرت لەگەل هێز و حیزبە سیاسییە ئیسلامییەکان لە جیهان و وڵاتە عەرەبییەکاندا . ئێراقی پڕ کرد لەو ئیسلامییە توندڕەوانەی کە ئەمڕۆ ئەو وڵاتەیان کردووە بە قەسابخانە و مەیدانی ململانێ و یەکلاکردنەوەی حیساباتی خۆیان لەگەل ئەمریکادا . یەکێک لە هەنگاوە پراکتیکییەکانی ڕژێمی پێشوو بۆ ڕاکێشانی متمانە و سۆزی هێزە ئیسلامییەکان لە ساڵی 1998 دا هەڵمەتی ئیمانی (الحملة الايمانية) دەست پێکرد و بە کردەوە لە سەرانسەری ئێراقدا جێ بە جێ کرا ، بێگومان بە کوردستانیشەوە . یەکێک لەو لایەنە گرینگانەی کە ئیسلامی ئوسووڵی پێی لەسەر دادەگرێت و بە کرۆکی بە ئیسلامی بوونی کۆمەڵگەی دادەنێت مەسەلەی حیجابی ژنە . حیجاب ئەو ناسنامەیەیە کە ژنی موسڵمان لە ناموسڵمان جیا دەکاتەوە ، حیجاب تەنها داپۆشینی سەر و جەستەی ژن ناگرێتەوە ، بەڵکو بە حیجابکردنی ژن لە پەراوێز خستنی ژنە لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگە و ئازادییەکانی ژن سنووردار دەکات . بڕیاری پۆشینی حیجاب لە فەرمانگە و کۆلێژ و شوێنە گشتییەکاندا زۆر کێشەی نایەوە ، سەدان ژن وازیان لە کارەکانیان هێنا و خۆیان خانەنشین کرد ، چونکە زۆربەی ئەو ژنانە سەریان بۆ ئەو بڕیارە دانەنواند و تووشی تانە و تەشەری زۆر بوون یان بە شێوازی جۆرا و جۆر بێزار کران ، بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا کە بە بڕیاری فەرمی حیجاب کرا بە ئیجباری وچێشتخانەکان داخران و خواردن و خواردنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کرا ، سزای توندیش بۆ ئەو کەسانە دەرکرا کە پێشێلی ئەو بڕیارە دەکەن .

گەر باسەکە بهێنینەوە بۆ هەرێمی کوردستانی ئەمڕۆ و پاش ئەوەی کە سەدام و ڕژێمەکەی ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نەماوە کەچی جێ بە جیکردنی ئەو بڕیارە بەشێوازێکی تربەردەوامە . ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە کە کوردستان ناوچەیەکی فرە نەتەوە و فرە مەزهەبە ، بە تایبەتی لە ئێستادا کە باری ئاسایش لە باشوور و ناوەڕاستی ئێراقدا ناجێگیرە بۆ هەموو نەتەوەکان و مەزهەبەکانی دی بە تایبەت ناموسڵمانەکانی وەک کریستیان و سابیئە مەندائییەکان ، بۆیە زۆربەی ئەو خێزانانە پەنایان بۆ کوردستان بردووە و لەوێدا ژیان بەسەر دەبەن . بە پێی وتارەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ، هەرێمێکی ئازادە و دیموکراسییەت تیایدا بەرقەرارە ، تەنانەت هەندێک جار بە هەرێمێکی عەلمانیش وەسف دەکرێت ( دیارە کۆمەڵگەی عەلمانی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە) و لێرەدا من نامەوێت بچمە سەر ئەو باسە کەچی لە مانگی ڕەمەزاندا کوردستان دەبێت بە هەرێمێکی ئیسلامی و هەموو دانیشتوانی کوردستان بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە ، بە باوەڕدار و بێباوەڕەوە یاساکانی ئایینی ئیسلامیان بەسەردا دەسەپێنرێت و بە تایبەت تەرکیز دەخرێتە سەرحیجاب پۆشینی ژن ، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە دیاردەی حیجاب لە کوردستاندا بە دەر لە مانگی ڕەمەزانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆربووندایە ، بەڵام گەر لە مانگی ڕەمەزانیشدا بسەپێنرێت هەنگاو بە هەنگاو دەبێتە کولتوور و نەریتێکی هەمیشەیی . وێڕای بە حیجابکردنی ژنان نانخواردنی ئاشکرا قەدەغە دەکرێت و زۆربەی بەرنامە ئاساییەکانی ڕادیۆ و تیڤی دەبن بە بەرنامەی تایبەت بە مانگی ڕەمەزان و لە هەموو شوێنێکدا ڕێ و ڕەسمی ئایینی پیادە دەکرێت . کار ئەگاتە ئەوەی کە بەرنامەی کار کردن لە فەرمانگە و شوێنە گشتییەکاندا جیاوازدەبێت لە ڕۆژەکانی دیکەی ساڵ . دیارە ڕێز گرتن لە بیر و بۆ چوون و بە جێ هێنانی کەشە ئاینییەکانیش یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسییەتە و هەمووکەسێک و گرووپێکی مەزهەبی و نا مەزهەبیش ئەتوانێت لە سایەی دیموکراسییەتدا ئازادی مومارەسەکردنی بیر و باوەڕی خۆی هەبێت و کەس ڕێگری لێ نەکات ، بەڵام کاتێک کە کار گەیشتە سەپاندنی بیر و ڕای گرووپێک بەسەر گرووپێکی دیکەدا چ زۆرینە بن یان کەمینە و لە ژێر هەر ناوێکدا بێت ، ئەمەیان دەچێتە قاڵبی داگیرکردنی ئازادی تاک و لە پەراوێز خستنی بیر و باوەڕی گرووپەکانی دی . کەواتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان شێوازی کۆمەڵگەی شارستانی بگرێتە خۆی و خەڵکی کوردستان

له سایەی دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا ئازاد بن له هەر بیر و باوەڕێک کە ئەیگرنە بەر ، با مانگی ڕەمەزانیش هەر وەک مانگەکانی تری ساڵ مانگێکی ئاسایی بێت و هەڵمەتی ئیمانی سەدام و ڕژێمەکەی کە بۆ خزمەت بە دەسەڵاتەکەی دایهێنا هەڵبوەشێتەوە و ئازادی بەرگ پۆشین و نانخواردنیش لە کەس داگیر نەکرێت .
ستۆکهۆلم

runakshwani@yahoo.com